# دەبێت مامۆستایانی ئاینی مافی ئافرەتو رۆشنبیری سێکسی رەتنەکەنەوە"

## ئا: ئاری هەرسین

### "ئێمە دەڵێین ئیسلام کۆتا ئاینە، کۆتا ئاینیش دەبێت چارەسەری بۆ هەموو ئەو پرسیارو کێشانە پێبێت"

مێژووی یاسای باری کەسێتی (ژمارە 188) لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1959. لەئێستادا پاش تێپەڕبوونی نزیکەی 50 ساڵ بەسەر ئەو قانونەداو، ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر کۆمەڵگەکەدا هاتوە، بە بڕیاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم نێچیرڤان بارزانی لیژنەی (پسپۆڕیی فیقهی یاسایی) پێکهات بۆ پیاداچوونەوەی هەموارکردنەکانی لیژنەی پارلەمانی، پتر لە سێ هەفتە پێش ئێستا کۆنفرانسێکیش لە هەولێر سازکراو، ئەو لیژنەیە خوێندنەوەی خۆی لە پێداچوونەوە بۆ قانونەکە خستەڕوو. لە ژمارەی پێشوودا ئاوێنە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ چلورە هەردی، بەڕێوەبەری سەنتەری خاتوزین لەسەر قانونەکەو کۆنفرانسەکە بڵاوکردەوە، ئەم راپۆرتەش چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ مامۆستا مەلا بەشیر، وتاربێژ لە مزگەوتی جەلیل خەیات لە هەولێرو مامۆستای زانکۆو، لە هەمان کاتدا ئەندامی لیژنەی پسپۆری فیقهی یاسایی.

لەدوای راپەڕینەوە گۆڕانی ریشاڵی بەسەر کۆمەڵگەدا هاتووە، ئەویش لە رێی کرانەوەی دەرگاکانی زانیاریی‌و میدیای ئازادەوە. م. بەشیر پێیوایە ئەو گۆڕانکارییانە ناچارمان دەکات بە خۆماندا بچینەوەو دەڵێت «پاش ساڵی 1991 هەندێک دیاردەی نوێمان لێ پەیدا بوو. سەردەمی ئینتەرنێتو سەتەلایت بواری مافی ئافرەتانی فراوانتر کرد، ئەم دیاردانە پێویستی بەوە هەبوو کە بە خۆماندا بچینەوە».

یەکێک لە کێشەکانی هەر کۆمەڵگەیەک مامەڵە کردنێتی لەگەڵ شتە نوێیەکان. م. بەشیر لەوبارەیەوە وتی »ئێمە دەبێت خەڵک بەوە را بهێنین کە سوود لە شتە نوێیەکان وەرگرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا رەسەنێتی خۆشی بپارێزێت». سەبارەت بە رۆڵی مامۆستایانی ئاینی، ئەو وتاربێژە دەڵێت «رۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا کارامەتر بووە کە ناشاردرێتەوە. ئێمە وەکو مامۆستایانی ئایینی‌و وەک رۆشنبیرێکیش لەسەرمانە شتە نوێیەکان لە بابەتی مافی ئافرەتو خێزانو تەندروستی سێکسی‌و تادێت رەت نەکەینەوە».

زۆر کەس پێیانوایە هەتا ئایین‌و دەوڵەت لێک جیانەکرێنەوە، دابینکردنی مافەکانی تاکە کەس مەحاڵە، ئەویش چونکە ئایین لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان حساب بۆ تاکی ئینسان ناکات. بەڵام م. مەلا بەشیر کە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە، بۆچوونێکی دیکەی لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیەو، دەڵێت «پێموایە ئێمە دەتوانین تەنسیقێک لە نێوان ئەو مافانەی کە داوا دەکرێن‌و، ئەوانەی ئیسلام بە مرۆڤی بەخشیوە دروست بکەین، بەڵام بۆ ئەوەی ئەوەت بۆ بچێتەسەر پێویستیت بە زانیارییەکی قوڵ جورئەت هەیە».

لەوەڵامی ئەوەدا ئایا دەکرێت تەنسیق لە نێوان ئاینێکدا کە پتر لە 1400 ساڵ کۆنەو، دیاردە نوێیەکاندا بکرێت؟ م. بەشیر دەڵێت «ئێمە دەڵێین ئیسلام کۆتا ئاینە، کۆتا ئاینیش دەبێت چارەسەری بۆ هەموو ئەو پرسیارو کێشانە پێبێت کە دێنە پێشێ هەتا رۆژی قیامەت. کەواتە کە سەلماندمان بواری نوێکردنەوە لە ئیسلامدا هەیە، ئەوا دەشیسەلمێنین کە ئیسلام کۆتا ئایینە. ئەمە بەتەنیا گونجاندنی کۆمەڵگە نیە لەگەڵ ئیسلام، بەڵکو گونجاندنی ئیسلامیشە لەگەڵ کۆمەڵگە».

عەلمانییەکان پێیانوایە یەکێک لە کێشەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ قورئاندا قەتعی بوونیەتی، کە ئەم قەتعی بوونەش بواری گفتوگۆ لەسەر دەقەکان ناهێڵێتەوە. م. مەلا بەشیر لەسەر ئەمەش بۆچوونێکی دیکەی هەیەو، دەڵێت «10% تا 15%ی قورئانی پیرۆز چووەتە جوزئیاتێکەوە کە مەجالی گۆڕانی تێدا نیە، بۆ نمونە وەکو ئەوەی کە خودا یەکە. بەڵام ئەوی دیکەی بەشێوەیەکی رەهاو گشتی هاتوە،

نموونەی ئەمەش کە قورئان دەفەرموێ سیستەمی فرمانڕەوایی پێویستە بە شورا بێت، ئیدی نەچۆتە ناو وردەکارییەکان کە ئایا ئەم شورایە چۆن بێت».

لەڕاستیدا هەموو مامۆستایانی ئایینیش لەسەر مەبەستی دەقەکان هاوڕانین، هەر بۆیەش تەفسیری جیاوازیان بۆیان هەیە. سەبارەت بەوە مەلا بەشیر، دەڵێت «وشەی تەفسیر لە زمانی عەرەبیدا بەم جۆرە پێناسە کراوە: تەفسیر ئەو زانستەیە کە لە مانای دەقەکان دەکۆڵێتەوە بە ئەندازەی تێگەیشتنی مرۆڤ. ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەگەر تێگەیشتن لە ئایەتێک هەزار ساڵ بەر لە ئێستا بە جۆرێک بووبێ، ئەوا ئێستا بە جۆرێکی ترەو، هەزار ساڵیش دوای ئێستا بە جۆرێکی جیاواز لە ئێستا دەبێت».

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشێ کە ئایا تەفسیری دەقەکان لە قانونی باری کەسێتیدا سەبارەت بە پێگەی ئافرەت چۆن رەنگی داوەتەوە؟ ئەو لە وەڵامدا، دەڵێت «پێموانیە پێگەی ئافرەت لە قانونەکەدا بە جۆرێک بێت کە زوڵم لە ئافرەت کرابێت، بەڵام کەموکوڕی تێدا هەیە. قانونەکانی دەسکردی مرۆڤ شتێکی موتڵەقو هەتاهەتایی نین، هەر بۆیەش ماوە بە ماوە زیادو کەم دەکرێتو هەموار دەکرێتەوە». وتاربێژەکە قانونی باری کەسێتی بە مەسەلەیەکی هەستیارە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ناودەبات، بەو پێیەی پەیوەندی بە ئاینو بنەماکانی ئەو کۆمەڵگەیەوە هەیە، وەک زەواجو حەرامو حەڵاڵو پەیوەندییەکانی ناو خێزان. بۆیە دەیووت «ئەمەش وادەکات کە داڕشتنی قانونێکی باری کەسێتی، کە هەمووان لێی رازی بن کارێکی ئاسان نەبێت».

لەلایەکی ترەوە ناوەندی قانونگوزاری هەرێمی کوردستان (پەرلەمان) ئازادی تەواوی نیە لە هەموارکردنەوەی قانونی عێراقی، ئەویش چونکە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراقو دەستوری هەرێمی کوردستانیش تا ئێستا لە لایەن پارلەمانەوە پەسەند نەکراوە. م. بەشیر سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی ناو قانونەکە، دەڵێت «تائێستا لە کوردستان دەستورمان نیە، ئەگەر هەمانبوایە دەمانتوانی قانون دابنێین، بە مەرجێک لەگەڵ دەستوری عێراقیدا تێک نەگیرێت. سەبارەت بە قانونی باری کەسێتیش ئەگەر بواری تێدا بوایە هەندێک شتمان لێ دەگۆڕی». م. بەشیر پێیوانیە ئەو قانونە تەواو جووت بێت لەگەڵ دەقەکانی قورئانی پیرۆزدا «ماف هەیە لە قورئاندا بە ئافرەت دراوە، کەچی لەو قانونەدا پشتگوێ خراوە. بۆ نموونە میراتی نێرو مێ لە هەموو حاڵەتێکدا دوو بەش بەرامبەر بە یەک بەش نیە. ئیسلام لە دابەشکردنی میراتیدا سەیری نێرو مێ ناکات، بەڵکوبە پێی قورسایی ئەو ئەرکەی لەسەر شانی ئینسانە لە بەرامبەردا مافی دەداتێ». سەبارەت بە شایەتی دادگاش، م. بەشیر دەڵێت «لە دادگاش لە هەموو حاڵەتێکدا شایەتی دوو ئافرەت بەرامبەر بە یەک پیاو حساب نیە، ئەوە تەنیا لە حاڵەتی (جینایات)و مامەڵەدا وایە، ئەویش چونکە ئافرەت زۆر لەو دوو حاڵەتەدا بەشدار نابێت».

ترسی زۆرینەی رۆشنبیرانی عەلمانی لەوەیە کە بەستنەوەی سیستەمی قانونگوزاری بە شەریعەتی ئیسلامو دابو نەریتەوە کۆمەڵگەکەمان لە شوێنی خۆی دەچەقێنێتو پێشکەوتن روونادات. م. مەلا بەشیر بە زەردەخەنەیەکەوە، وتی »ئێمە دەرگاکان داناخەین. ئەگەر کۆمەڵگەکەمان گۆڕا دەتوانین زۆر شت لە ئاینی ئیسلام هەڵێنجێنین. هەرچی دابونەریتیشە وشەیەکی لاستیکییە، بەڵام دەکرێت چوارچێوەیەکی بۆ دابنرێت. دابو نەریت ئەو شتانەیە کە ئەمڕۆ زۆرینەی هەرەزۆری کۆمەڵگەکەی من پێوەی بەندە. مەرج نیە ئەوەی لە ئێستادا دابونەریت بێت 15 تا 20 ساڵی دیکەش هەر دابونەریت بێت. دابونەریت شتێکی رێژەییە، بۆ نموونە ئەوەی لە گوندێکی دوور دابونەریتە، لە شار دابونەریت نیە. سی ساڵ بەر لە ئێستا ئافرەتێکی بێ عەبا لە هەولێر شتێکی سەیر بوو، بەڵام ئێستا وا نیە. هەندێک دابونەریت هەیە کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئایینەوە نیە. دابونەریتیش هەیە کە دەبێت لە گۆڕ بنرێت، وەک کوشتنی ئافرەت».

تێبینی : ئەم ووتارە لەرۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاوکراوەتەوە